# باشتر وایە ووشەی خیانەت قەدەغە کرێت

**ئەمجەد غەفور**
ghafur@ukonline.co.uk

**ئازادی ئینسان، رێزو شەخسیەتو حەیسیەتو هەستی ئیسنانی، لە چوارچیوەو سایەی زالبونی بزوتنەوەی ناسیۆنالستیو مەزهەبیدا، هەمیشە بە دەردێکی وەها چووە، بە ناشیرینترین شیوەی زولمو چەوسانەوەو زەلیلی لە ژیانی بەشەریەتدا خۆی پێ نیشانداوین.**

**ئەو بزووتنەوانە، ناسیۆنالستیو مەزهەبی، هەمیشە پەنایان بردووە بۆ دواکەوتوترین پەیوەندیەکانی نێو کۆمەلگە، لە پیرۆز راگرتنی پەیوەندی خێلەکیو تائفی، پشتگیریو بەرگری لە پیاو سالاری، بەرز راگرتنی درۆشمی نەتەوایەتی، توندکردنەوەی نەژاد پەرستی، کردنی شەریعەی ئیسلامی بە دەستووروو یاسا، ئەولەیەت بۆ پاراستنی خاكو ئاوو ئاسمانو دارو درەخەتو خوداو مزگەوت، بە دەوری فریودان بۆ فیداکاریو خودکوشی ئیسنانو "کەم بژیو کەل بژی" پێشیل کردنی ئیرادەو ماف ئیسنان، هەلسورانی سیاسیان ئەنجام داوەو دەسەلاتی سیاسیان بەریوە بردووە.**

**ئیسنان لای ئەو بزووتنەوانە هەردەم بێ بایەخو هیچ بووە لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیاو نەتەوەو نیشتمانو خوداکانو عەشیرەت..دا، ئینسان هەر لە تەمەنی منالیەوە هیچ ئختیاریکی نییە، بەرگی نەتەوەیی لە بەر دەکەن، کلاوی دینی دەکرێتە سەرو مەلەوانی لە خەیالاتی ئاسماندا فێر دەکەن، خەنجەری عەشیرەتی دەکرێ بەقەداو فێری تۆلە سەندن دەکرێت، تەزبیحی باوکی دەکەنە مل، وە دەبێت رێز لە هەموو ئەمانە بگیرێتو پیرۆز را گیرێن و خیانەت بەرامبەریان نەکەین، خیانەت کردن بەو موقدەساتانە چارەنوسی ئینسان دەخاتە بەردەم ماف ئەشکنجە، ترۆکردن، ریسوابون، هەلواسین یا گەر هیچیان نەتوانرا دەرهەقی بکرێت، هەلاتنو خودکوشی یەخەی پێ دەگرێت.**

**مۆری خیانەتکاری دەردو بەلای بەسەر ئینساندا هیناوە، لە وولاتیکدا دەژین بە بێ ئیختیارو ئارەزووی خۆمان دەبێ لە پێناویدا بجەنگینو سنورەکانی بپاریزین ، خۆبەخت کردنو پالەوانیەتی خۆت لە ریزی پیشەوەی بەرەی شەردا بنوێنیت، گەر وەها نەکەیت، ترسنۆكو خیانەت کاریتو سزای مەرگ دەدرێت، هەشت سال جەنگی ئیرانو عیراق، جەنگی خەلیج، ئینسانی لە عیراقدا لە نیوان مەدالیای"شەهید" بوون، حوکم بە مەرگی خیانەتدا لە قالب دابوو.**

**ووشەی خیانەت داهینانی چینی بالاو سەردەستە بۆ پارساتنی خاوەنداریەتی تایبەتو بەرگری لە سەرمایەداریو چەسپاندنی دەولەتی بۆرجوازیو دەسەلاتی ئیستبدادیو سەپاندنی عەقیدە بە هەر قیمەت. ئەم ووشەی خیانەتە وەها تەشەنە پێ ئەدەن دەیکەنە سونەتیکی کۆمەلایەتیو عەقلیەتی کەسەکان، کە بیر نەکەنەوە لە خەویشیاندا خیانەت بکەن، لەبەر ئەوەی مولکیەت لە کۆمەلگەی سەرمایەداریدا موقدەسە هەموو ئایدۆلۆژیەك بۆ بەرگری لە مولکیەت موقدەس دەبێت.**

**موقدەساتەکان لە کۆمەلگەدا ریز دەبنو باقو بریقو رەنگاو رەنگ دەکرینو ژیانی ئینسانەکانی پێ ئاورشێن دەکەن، بەرگری لە نیشتمانو خۆشم ئەویٚ وولاتەکەم دەکەنە سرودو هەموو رۆژی بانگی پێ ئەدەنو بەزۆر دەی ئاخننە ناو قولایی گوێتەوە، ئەگەر بەرگری لە نیشتمان نەکەیتو وولاتەکەت خۆش نەوێتو خزمەتی نەکەیتو خۆتی بۆ بەکوشت نەدەی، خیانەت کاریە، ئیسلامو فەرزەکانی ئیسلامیو ئەحکامی ئیسلامی تیکەل بەخۆێنو جەرکو هەناوت دەکەنو هەموو ئحساساتەکانتی پێ چەور دەکەن، جێ بەجێی نەکردنی واجباتەکانو لە دین وەرگەرانو خۆ نەتەقاندنەوە خیانەت کاریە، ژن میردەکەی بەدلٚ نەبێتو حەز لە پیاویکی تر بکات خیانەت کارە.**

**فەرهەنگی ترس لە خیانەتکاری بەجۆریك لە ناو رەوشتو زهنی بەشەرکاندا ریشەی داکوتاوە، وەك نەخۆشیەکی ساریو کوشندە لە نیو چەپەکانیشدا بێ کاریگەر نەبووەو خراپی بەسەر هیناون، وازهینان لە سیاسەتو دوور کەوتنەوە لە ریکخراوەکانیان مایەی شکاندنو ریسواکردنی شەخسیەتەکانیان بووە.**

خیانەتو خیانەت کاری تەعبیریکە ئازارو ئەشکەنجەی ئیسنانی پێ دراوە، دەورو ئیرادەی کەسەکانی زەوت کردووەو بێ دەسەلاتی کردون، ئیختیاری بۆچونو بیروباوەری جیا لە ئینسانەکان دەسەنێتەوەو دەیکاتە زەلیلو دیلی عەقیدەیەکی باوو زال، ووشەی خیانەت هەتا بلێی روخساریکی ناشرینو بۆگەنو ئازار دەهەندەو فایرۆزیکی کوشندەیە، میژوویەکی جینۆسایتیو پر دەردو بەلای بۆ بەشەریەت نوسیوەتەوە، بۆگەنترینو دواکەوتوترین دیاردەومەسەلەو عەقیدەی دژی ئینسانیت بۆ دەکەنە پیرۆزو بە قەلغانی ووشەی خیانەت دەیان پارێزن.

بە کار هینانی ووشەی خیانەت دەردوبەلایەکی ئەوندە گەورەو ناشرینە هەر لە ئاستی فەتواو سزای ئعدامو ئەنفالدایە، بەراستی بیرکردنەوەی جدیو کاری باشی دەویت کۆمەلگەی لێ بپاریزینو ریگەی بەکارهینانی نەدەین، ئەو ووشانە دژی ئینسانین، دەبیت قەدەغە بکرینو ئەوانەی بەکاری دەهینن پیویستە ریسوا بکرینو بدرێن بە دادگا.

لە کاتیکدا بە سەدان هەزار ئنسان سنورەکان دەبەزینو ئەو خیانەتە بە سەر خۆیاندا قەبول دەکەن، چونکە ئەو هەلویستو مەسەلەو عەقیدانەی بە زۆر دەرخواردیان ئەدەن، بۆیان هەزم ناکریتو لەگەل سروشتی ژیانی ئینساندا ریك نایەتەوە، بەلام جەلال تالەبانی خاوەن تەجروبە لە شکستو ریسوا بون، کە ئیستا لە هەناویی سیاسەتو بەرژەوندیەکانی دەولەتی ئەمریکادا بۆتە سەرۆك کۆماری عیراق، وەك عادەتی شەخسی ناتوانێو خۆی پێ ناگیرێت گەر هیرشی نا ئیسنانی لە بەرامبەر ئاوارەکانی کەرکوکدا وەك سەردەمی دەسەلاتی بەعس تەعبیر لێ نەکات، هەر بەو زمانەش هەرەشە لە باقی خەلکی کوردستانیشی دەکات، بە ئاشکرا داوا لە خەلکی ئاوارەی کەرکوك دەکات خۆیان بکەنە قوربانی سیاسەتو مەرامو بەرژەوندیەکانی هەر دوو حیزبی کوردایەتی دەسەلاتدار لە کوردستاندا، هاوار دەکات کەرکوك بە جێ نەهێلنو خۆیان و مالومنالو ژیانو حالیان بکەنە ژیر لافاویی شەری نەتەوەپەرستیو تائیفیەوە، دەفەرموێ بە جێ هیشتنی کەرکوك خیانەتیکی گەورەیە، دیارە لە ئایندەشدا گەر لەبەر ئەو لافاوە پیسو چلکاوەدا خەلکی ئاوارە خۆیان نەگرنو هەلبێن، ئەوە خیانەتکاریەو خیانەتکاران بە سزای "شۆرش" دەگەن.

ئەم گوتارەی جەلال تالەبانی لە وەزعی ئیستای عیراقدا زیاتر دەمانخاتە بیری ئەوەی کە ژیانی خەلکی بەدەست ئەم ناسیۆنالستو ئیسلامیانەوە لە چ دۆزەخو رۆژیکی تاریکدایە، بەجیا لە دەسەلاتی جەردەییو گەندەلیان، ئاخۆ ژیانی خەلکی لە مەترسیو هەرەشەی کوشندەی بەرژەوندی ململانێی سیاسی ئەو بزووتنەوانەدا، چاوەروانی چ بەلاو نەهامەتیو دەردی سەرییەکی تر دەبێت، چۆن قومارو یاری بە چارەنوسو ژیانی خەلکی دەکەنو خەریکن عیراق ویرانو ویرانتر دەکەن.

حەرەکتی ئازادی خوازیو ئیسنان دۆستیو رزگاری عیراق دەبێت فریای خۆی کەویتو بە گژ تەواوی ئەم مەقولاتە بۆگەنو چلکنانەدا بوەستیتەوەو قەدەغەبونیان راگەیەنێت، ئەو کەسانەش بەکاری دەهینن، بە ئەهلی فەتواو خۆ ئامادەکەر بۆ کوشتن بناسێنرێنو داوابکەین بدرێن بەدادگا، ووشەی خیانەت لەو ووشە دێزو دژی ئینسانیانەیە تا زوو بەکارهینانی قەدەغەبکرێت، بە قازانجی بەشەریتو ئازادیو ئیسنان دۆستیە.